# بەبیانۆی خەتەنەکردنی مێینەوە، ڕێکخراوی وادی سوکایەتی بە گەلی کوردستان دەکات



لە هەفتەی ڕابردوو لە ڕۆژنامە بەربڵاوەکانی هۆڵاندا هەواڵێکی ناخۆش سەبارەت بە ڕەوشی ژنانی کوردستان بڵاوکرایەوەو ئاماژەی بەوەداوە کە بەگوێرەی لێکۆڵینەوەو ئامارەکانی ڕێکخراوی وادی٨٥% ژنانی باشووری کوردستان خەتەنە کراون. هەرچەندە کە هێشتا بەدواداچوونی تەواو بۆ هەواڵەکەو ڕاپۆرتەکە نەکراوە، بەڵام درزی لەنێوان کوردستانیانی نیشتەجێی هۆڵەنداو خەڵکی ئەو وڵاتە دروست کرد. لەلایەکەوە کوردستانیان زۆر بە سەرسوڕمانەوە لە هەواڵە دەڕوانن، لەلایەکی دیکەشەوە هۆڵەندیەکان بە خەفەتباری و نیگەرانیەوە لێی دەڕوانن. کوردستانیان ئەو ڕێژە بەرزە بە ناڕاست دادەنێن، بەڵام هۆڵەندیەکان بە کارەستبار و تاوانی دادەنێن.

بەگوێرەی زانیاریەکان هەواڵەکە کاریگەری نەرێنی دژ بە کورد دروست کردوە، هەر بۆیەش ژمارەیەک چالاکوانی کوردستانی لە دەورەی یەکتر کۆبوونەتەوەو دەیانەوێ تۆژینەوەیەکی مەیدانی بکەن ولە ڕاست و درۆیی هەواڵەکە بکۆڵنەوە. هەر بۆ بەدواداچوونی ئەو هەواڵە بڕیاروایە کە ژمارەیەک چالاکوان سەردانی باشووری کوردستان بکەن، بەڵام هەفتەنامەی ڕۆژی گەل بەباشی زانی کە بەخێرایی سەبارەت بەو کێشەیە ڕاوسەرنجی ژنانی کوردستان خۆیان وەربگرێ.

سەرەتا خاتوو سازان عەلی سەبارەت بە ڕێژەی ژنانی خەتەنەکراو گوتی: 'ڕاستە جاران دیاردەی خەتەنەکردن بەڕێوەدەچوو، بەڵام ئێستا تاک و تەرا لە دێهاتە دوورە دەستەکان و لەنێو هۆزو بنەماڵە کۆنەپارێزەکان و لەژێر پاساوی ئاییندا درێژەی پێدەدرێ، بەڵام ڕێژەی ژنانی خەتەنەکراو ناگاتە ٤٠%.

خاتووسازان بۆ سەلماندنی بۆچوونی خۆی بەبەرچاوی ئێمەوە تەلەفۆنی بۆچەندین ژنی خزم و ناسیاوی خۆی کرد، هەموویان لەسەر ئەو باوەڕەدابوون کە ڕێژەی ژنانی خەتەنەکراو خۆی لە ٥٠% تێپەڕ ناکات، ئەوانیش زۆربەیان ئەو ژنانەن کە تەمەنیان لەسەرووی ٤٠ ساڵیەوەدایە.

خاتوو ڕ.ق کە مامۆستای دواناوەندی کچانەو تێکەڵاوییەکی زۆری لەگەڵ کچان و ژنانی کوردستاندا هەیە، سەبارەت بەو مەسەلەیە گوتی: 'کەس ناتوانێ بڵێ کە خەتەنەکردن بە یەکجاری لەناو چووەو نەماوە، بەڵام بەوشێوەیەش نیە، لەوانەیە لەناو ژنانی شارستانی ڕێژەی خەتەنەکردن نەگاتە ١٠%، لەوانەیە لەنێو ژنانی شارۆچکەو شارەدێکانیش لە ٤٠% تێپەڕ نەکات.

سەبارەت بەوەی کە ئایا ڕێکخراوی وادی ئەو زانیاریانەی لە کوێ هێناوە، خاتوو ڕ.ق گوتی: 'ڕاستیەکەی هەموو ژنانی ناو ڕێکخراوەکانی ژنان بۆ خۆناساندن و پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی وڵاتانی ئەوروپا ئەو کارانە دەکەن. ئەو خاتوونە گوتی: 'خۆم ئاگادارم کە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتانی کوردستان چۆن هاوکاری ڕێکخراوی وادی دەکەن و بەچ شێوەیەک خۆیان لێ نزیک دەکەنەوە. ئەگەر باوەڕ بە قسەکانیشم ناکەن فەرمون بڕۆن ئەو دیدارو چاوپێکەوتنانە بخوێننەوە کە ژنانی بەرپرس لە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتانی کوردستان لەگەڵ ڕۆژنامەکان و لەگەڵ کارمەندانی ڕێکخراوی وادی ئەنجامیان داوە.

خاتوو ڕ.ق نووسراوێکی پێشانداین کە نووسەرێک بەناوی عەبدولڕەحمان پاشا لەگەڵ ژمارەیەک لە بەرپرسانی ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان ئەنجامی داوە، ئەو ژنانە هەر هەموویان وەک ئەوەی هەنگیان لەدارا دۆزیبێتەوە زۆر بێویژدانانە باسیان لە خراپی ڕەوشی ژنانی کوردستان کردوە.

نووسینەکەی عەبدولڕەحمان پاشا لە ژێر ناوی {ختان البنات في كوردستان... عادة ام طقوس عبادة؟!} لە حیوار موتەمەدین دا بڵاوکراوەتەوە، ئەوەی بیخوێنێتەوە سەرچاوەی ئەو هەواڵە ناڕاستەی بۆ ئاشکرا دەبێ.

سەبارەت بەو هەواڵەو دیاردەی خەتەنەکردنی ژانان لە کوردستان ڕووی پرسیارمان لە مامۆستایێکی ئایینی کرد، ئەویش ڕاشکاوانە گوتی: 'ڕاستە هەندێک کۆلکە مەلا هەولدەدەن کە خەتەنەکردنی ژنان وەک سونەتێکی موتلەق دابنێن، بەڵام خەتەنەکردن هیچ پەیوەندی بە ئایینی ئیسلامەوە نیە، چونکە جاران ژانانی ئێزیدی و کاکەیی و ئەوانی دیکەش خەتەنە دەکران، لەوانەیە پەیوەندی بە کۆمەڵی ناموسپارێزی هەبێ، چونکە هەندێک پێیانوایە کە ئەگەر کچان خەتەنە بکرێن بە ئاسانی هەستی سێکسیان نابزوێ و بیر لە داوێن پیسی و خراپەکاری ناکەنەوە، بەڵام ؛لە زۆربەی جارانیشدا پیاوان ئاگایان لە خەتەنەکردنی کچان نەبووەو نیە، بەڵکو پڕوپیرەژن ئەو کارانە ئەنجام دەدەن، ئەوەش ماڵوێرانی و کارەساتی بەدوای خۆیدا هێناوە'

ئەو مامۆستا ئایینیە حەزی نەکرد ناوی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنا بنووسرێ، بەڵام سوێندی خوارد کە خۆی ڕێی نەداوە کە کچەکانی خۆی خەتەنە بکرێ، لەو بارەیەوە ڕووداوێکی گێڕایەوەو گوتی: 'ڕۆژێکیان کە هاتمەوە ماڵ بینیم کە چەند ژنێک لەماڵی ئێمە دانیشتبوون، من بەخێرهاتنم لێکردن، بەلام خێزانەکەم بە خێرایی بانگی کردم و منی بردە ژوورێکی دیکەو پێیگوتم کە ئەوانە هاتوون تا کچەکان سوننەت بکەن، من کە گوێم لەو قسەیە بوو زۆر تووڕەبووم و پێمگوت{ دەست بۆ کاری خوا نەبەی و ئەو شتە نەکەی} ئیتر بەو شێوەیە ڕێم نەدا کە کچەکان خەتنە بکرێن.

لە کۆتاییدا ئەو مامۆستایەی ئایینی وەبیری هێنایەوە کە ساڵی ڕابردوو وەزارەتی ئەوقاف بەهاوکاری وەزارەتی مافی مرۆڤ هەڵمەتی هۆشیاکردنەوەیان بۆ قەدەغەکردنی خەتەنەکردنی مێینە دەستپێکرد، زۆربەی وتابێژانی ڕۆژی هەینی خەڵکیان لێی ئاگارکردەوە، ئیدی ئەو دیاردەیە کۆتابووە.

خاتوو بەفرین سەمەد سەبارەت بە ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی وادی و دیاردەی خەتەنەکردنی ژنان گوتی: 'باوەڕتان هەبێ ئەو کارە بۆ سوکایەتی کردن بە کورد ئەنجام دراوە، دەنا لە نێوان سەد ژن لەوانەیە ٣ یان چوار خەتەنە کرابن، ئەوانەی ئەو کارەشیان کردوە هەموویان پەشیمانن، چونکە ئازاری جەستەیی و دەروونیان بۆ دروست بووە، هەندێک لە دایکان لە بێئاگایی یان لە خۆشەویستی کچەکانیان ئەو کارانە دەکەن، پێیانوایە بە خەتەنەکردن ژیانی داهاتووی کچەکانیان خۆش دەبێ و گیانیان پارێزراو دەبێ، بەڵام نازانن کە داهاتوویان لێ دەکەن بە دۆزەخ و تا مردن ئەو ئازاری خەتەنە کردنەیان لە بیر ناچێتەوە.

پەیامنێری ڕۆژی گەل پەیوەندی بە دەیان ژن و کچی دیکەوە کرد، هەرهەموویان پێیانوابوو کە دیاردەی خەتەنەکردن زۆر کز و دەگمەن بووە، بەڵام لەوانەیە هەندێک بە ئەنقەست گەورەی بکەنەوەو بیانەوێ نان و ڕۆنی پێوە بخۆن.

**ئامادەکردنی: ساراو شازین**

# بەشێک لەراپۆرتی سەنتەری میترۆ کە تایبەتە بە پێشێلکاری

. سەنتەری میترۆ بۆ راوێژو داکۆکی لە ڕۆژنامەنوسان چەندین حاڵەتی پێشێلکاری لەکاتی پرۆسەی دەنگدانی تایبەتی و گشتیدا لە کاتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق تۆمارکردووەو وەک ڕاپۆرت بڵاوی کردۆتەوە، ئێمەش لە هەفتەنامەی ڕۆژی گەل دا بەپێویستمان زانی بەشێک لە ڕاپۆرتەکە بۆ خوێنەرای خۆشەویست بڵاو بکەینەوە.

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: لە سێیەم ڕاپۆرتی دە ڕۆژەی پێشێلکاری دژ بە ئازادی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان نزیکەی لە ٢٥ حاڵەتی پێشێلکاری تۆمارکراون کە لە ماوەی نێوان ٢٢ی شوبات بۆ ١٢ی ئازار ڕوویانداوە، دژ بە میدیای حزبی و ئازاد. هەروەها لە ڕۆژی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانەوە، لە ڕۆژی ١٢ی شوبات تا ڕۆژی ١٢ی ئازار، نزیکەی لە ٤٥ حاڵەتی پێشێلکاری دژ بە ڕۆژنامەنوسان تۆمارکردووە.

سەنتەری میترۆ دەڵێ: بەپێی یاسای کاری ڕۆژنامەنوسی هەرێمی کوردستان، ڕۆژنامەنوسان مافی ئامادەبوونیان لە چالاکییە گشتییەکاندا هەیە، ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە کە زۆربەی ڕۆژنامەنوسان مۆڵەتیشیان هەبووە بۆ ئەنجامدانی کارەکەیان بەڵام ڕێگرییان لێکراوە لە ڕومالکردنی پرۆسەی دەنگدانی گشتی و تایبەتیدا.

بەپێی برگەی پێنج لە ماددەی حەوتەمی یاسای کاری ڕۆژنامەنوسی، "هەرکەسێک بەهۆی کارەکەیەوە سوکایەتی بە ڕۆژنامەنوس بکات، یان دەستدرێژی بکاتەسەر، ئەوا هەمان ئەو سزایە دەیگرێتەوە کە بۆ دەستدرێژیکردنە سەر فەرمانبەرێک لە کاتی یان بەهۆی بەجێهێنانی ئەرکەکانی دانراوە." بەڵام بەپێی زانیارییەکانی سەنتەری میترۆ تائێستا بەهیچ شێوەیەک لێپێچینەوە لەو کەسانە نەکراوە کە سوکایەتییان بە ڕۆژنامەنوسان کردووە یان ڕێگرییان کردوە لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیان و لە هەندێ حاڵەتیشدا هێرشیانکردونەتەسەر.

* ڕۆژی ٧ی ئازار لە بەردەم بنکەی گەل لەکاتی ڕومالکردنی پێکهەڵپژانی نێوان هێزەکانی ئاسایش و هاوڵاتیاندا، هێزەکانی ئاسایش هێرشیانکردە سەر شوان سدیق، پەیامنێری گۆڤاری سڤیل، میمۆری کامێراکەیان لێسەند. شوان وتی، "دە چەکدار هێرشیانکردە سەرم، میمۆری کامێراکەیان لێسەندم کە هەندێ وێنەی تایبەتشی تێدایە." بەپێی زانیارییەکانی سەنتەری میترۆ تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە میمۆری کامێراکەی بۆ نەگەڕێنراوەتەوە.

* هێمن مامەند، پەیامنێری ڕۆژنامەی ئاوێنەو رادیۆی نەوا، ڕۆژی ٤ی ئازار لە کاتی وێنەگرتنی کەژاوەی چەند ئۆتۆمبێلێکی پارتی دیموکراتی کوردستاندا لە هەولێر، لەلایەن هێزێکەوە هێرشدەکرێتە سەری وێنەکانی ناو کامێراکەی دەسڕنەوە. هێمن بە سەنتەری میترۆی وت، "چەند چەکدارێک هێرشیانکردە سەرم، جنێوی ناشرینیان پێدام، پشکنیمیان، کە باجی ئاوێنەیان لە جانتاکەم بینی وتیان تۆ دوژمنی کوردیت." شەوی ٧ی ئازار، پاش ئەوەی هێمن مامەند ڕاپۆرتێکی لە رادیۆی نەوا بڵاوکردەوە لە ڕێگەی تەلەفۆنێکی نەناسراوەوە هەڕەشەی لێکرا.

* ڕۆژی ٥ی ئازار لە هەڵەبجەی تازە تەقەکرا بەسەر تیمێکی کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان. نیان محەمەد، بەرپرسی پەیامنێرانی کەناڵەکە بە سەنتەری میترۆی وت کە لایەنگرانی بزوتنەوەی گۆڕان تۆمەتباردەکەن بە ئەنجامدانی ئەو کردەوەیە.

* ئێوارەی ڕۆژی ٧ی ئازار، سیروان ئیبراهیم و بارزان حەسەن، وێنەگرو پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی (KNN)، لەکاتی ڕومالکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن لە بنکەی سەرهەڵدان لە هەولێر ملازمێکی پۆلیس هێرش دەکاتە سەریان. بارزان بە سەنتەر میترۆی وت، "بە بۆکس لێیدام، مۆبایلەکەیان لێسەندین، لەو هێرشە وایەرلیسی کامێراکەمان ون بوو."

*ڕۆژی ٧ی ئازار، لە سەیتەریە بێستانە لە نزیک قوشتەپە، لە پارێزگای هەولێر، بۆ ماوەی دوو کاتژمێر کامێرای ئەڤین بەهجەت، پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، دەستیبەسەرداگیرا.

*ڕۆژی ٧ی ئازار لەبەردەم بنکەی دەنگدانی باخچەی ڕازاوە لە شاری کەلار کارمەندێکی ئاسایش هێرش دەکاتە سەر کاوە ئەحمەد، پەیامنێری ڕۆژنامەی ئاوێنە "بەبەرچاوی ڕۆژنامەنوسێکی گەرمیانی ئەمڕۆوە ئەم کردارەی کرد."

* ڕێبین چالاک، پەیامنێری ڕۆژنامەی ئاوێنە، لە شاری کۆیە ئێوارەی ٧ی ئازار سەنتەری میترۆی ئاگادارکردەوە کە لە نزیک بنکەی هامون لەلایەن هێزێکی ئاسایشەوە هێرشی کراوەتە سەرو نەیانهێشتووە وێنە بگرێت قسەی ناشیرینیان پێوتووە.

* نیان محەمەد، بەرپرسی پەیامنێرانی کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، وتی لە ڕۆژی ٧ی ئازار لە شارۆچکەی زەرایەن لە پارێزگای سلێمانی، نوێنەری لیستی گۆڕان ڕێگری کردووە لە مونیر سەلیم، پەیامنێری کەناڵەکە، لە ڕومالکردنی پرۆسەی دەنگدان. هەروەها لە هەمان ڕۆژدا، ڕێگریکرا لە شوان عادل، پەیامنێری کەناڵەکە، لە ڕومالکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن.

* سەرلە بەیانی ڕۆژی ٧ی ئازار لە وێستگەی زۆزک لە شاری هەولێر ڕێگەنەدرا کارزان کەریم، پەیامنێری ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگ و باس (ئاکانیوز)، بچێتە ناو بنکەکەوە. کارزان بە سەنتەری میترۆی وت"باجی کۆمسیۆنیشم پێبوو بەڵام بەرپرسی ئەو بنکەیە ڕێگەی نەدام بچمە ژورەوە."

* سامان ساڵح، پەیامنێری تەلەفزیۆنی زەحمەتکێشان، ڕۆژی ٧ی ئازار ڕێگەی پێنەدرا بچێتە ناو بنکەی دەنگدانی دواناوەندی بەختیاری لە شاری سلێمانی. سامان بە سەنتەری میترۆی وت" لە کاتی وێنەگرتنی خروقاتێکی لیستی گۆڕان لەناو پۆلێکدا مۆمەکەیان دانابوو، ملازمێک بە پاڵ من و وێنەگرەکەی کردە دەرەوەی بنکەکە،" هەروەها وتیشی، "ئەو ملازمە بەمن و وێنەگرەکەی وت ئەو ڕاپۆرتە بڵاومەکەنەوە چەندێ پارەتان ئەوێت دەتاندەمێ."

* ڕۆژی ٦ی ئازار، ئیحسانی مەلا فوئاد، پەیامنێری ڕۆژنامەی ئاوێنە لە شاری کفری، بە سەنتەری میترۆی ڕاگەیاند لە ڕێگەی ئیمەیلەوە چەند جارێک هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە.

* سەردەشت حەمە ساڵح خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەری گۆڤاری خەڵک بە سەنتەری میترۆی ڕاگەیاند کە پاش نیوەڕۆی ٩ی ئازار لە شەقامی شەست مەتری لە شاری سلێمانی تەقەی لێکراوە. سەردەشت وتی، "دوژمانیەتی شەخسیم نییە تەنها پەیوەندی بە نوسینە ڕەخنەییەکانمەوە هەیە. سەبارەت بەو ڕووداوە حاکم قادر حەمەجان، بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی هەرێم، وتی، "ئاگاداری ئەو ڕووداوەین و لێکۆڵینەوەی تیادا دەکەین."

* لە بنکەی دەنگدانی شەفەق لە ناو شاری هەولێر ڕێگە بە پەیامنێرانی هاوڵاتی و لڤین و (KNN) نەدرا ڕومالی پرۆسەی دەنگدان بکەن.

* ئارام نەجم، پەیامنێری کەناڵی (KNN)، وتی کە ڕۆژی ٧ی ئازار لە شاری هەڵەبجە ڕێگەنەدرا ڕومالی کارێکی ڕۆژنامەنوسی بکات. پەیامنێری ئەو کەناڵە بە سەنتەری میترۆی ڕاگەیاند چەند کەسێک کە لە نزیک بنکەیەکی دەنگداندا بانگەشەیان دەکر هەڕەشەیان لە خۆی و وێنەگرەکەیان کردو دوایان لێکرا کە، ئەو شوێنە بەجێبهێڵین و پێیان وتم ئەو وێنانە بڵاوبکەیتەوە زەرەر ئەکەیت."

*نزار گزالی، پەیامنێری ڕۆژنامەی ئاوێنە، بە سەنتەر میترۆی ڕاگەیاند، کە سەر لەبەیانی ٧ی ئازار لە شاری هەولێر ڕرێگەی پێنەدرا بچێتە ناو هەندێ ناوەندی دەنگدانەوە، وەک ناوەندەکانی کوردایەتی، شکات، چوارچرای کچان .

*ئەحمەد میرە، سەرنوسەری گۆڤاری لڤین بە سەنتەری میترۆی ئاگادارکرد کە ڕۆژی ٧ی ئازار، لە بنکەی قوتابخانەی سەرکەوتنی بنەڕەتی لە شاری سلێمانی ڕێگەی للێگیراوە ڕومالی پرۆسەی دەنگدان بکات، "باجی ڕەسمیم پێبوو بەڵام بەرپرسی بنکەکە ڕێگەی پێنەدام وێنە بگرم."

*ڕێبوار محەمەد، وێنەگری کەناڵی ئاسمانی پەیام لە شارۆچکەی خورماڵ، سەنتەری میترۆی ئاگادارکر کە لە بەردەم بنکەیکی دەنگداندا هێرشکراوەتە سەری، "خەڵکێکی نەناسراو پەلاماریان کە نزیکەی ٥٠ کەس دەبوون ئاسایش لە ژێردەستیان دەریهێنام."

* ڕۆژی ٤ی ئازار لە کاتی دەنگدانی تایبەت بیلال سەعیدو ئەحمەد ئەمیر، پەیامنێرانی سایتی یەککگرتوو، لەلایەن ئاسایشی گەرمیانەوە هێرشکرایەسەریان. بیلال بە سەنتەری میترۆی ووت، " بە زەبری هێز کامێراو باجی ڕۆژنامەوانی و مۆبایلیان لێسەندین و بە بۆکس و شەق لێیانداین."

**بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە:**

**ڕەحمان غەریب**

**تەلەفۆن: ٠٧٧٠١٥٢٣٣٠٠**